# حەرەکەتی خوێندکارانی کورد لە زانکۆی تاران ، موژدەهێنەری ئاسۆیەکی گەش بۆ بزاڤی سەربەخۆی خوێندکاری کورد

**خەلیل غەزەلی**



هەروەک هەواڵەکەی بڵاوکرایەوە ، ڕۆژی یەکشەمە 6ی سەرماوەز، لە سەر بانگهێشتی پێشوو ی دەستەی ئامادەکاریی یەکێتیی خوێندکارانی کورد، خوێندکارانی کوردی زانکۆی تاران لە کۆبوونەوە و پاشان ڕێپێوانێکی هێمنانە، بەڵام پڕناوەرۆکدا، دەستیان دایە حەرەکەتێکی ئیعترازی . حەرەکەتێک کە سەرەڕای بایەخ و کارامەیی ، بەداخەوە لەدەرەوەی خویدا بەشێوەی شیاو بە هێند نەگیرا . گەرچی ئەم حەرەکەتە کاریگەریی خۆی دەبێ و ئێمە لە داهاتوودا شاهێدی دەسکەوتەکانی دەبین .

بێگومان لە حکوومەتی موتلەق گەرای کۆماری ئیسلامیدا ، نە حیزبایەتی ئازادە و نە ناوەندێکی سیاسی توانای چالاکیی هەیە . لەم شێوە دەسەڵاتانەدا ، ناوەندە مەدەنییە ڕۆشنبیریەکان زۆر جار سەرەڕای شوێنگرتنی داخوازە پیشەییەکانی خۆیان ، شوێن سیاسەت دەکەون و لە ڕاستیدا دەوری حیزب و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسیەکان دەگێڕن . ئەم شێوە تیکۆشانە لە ئێراندا خاوەن مێژووییەکی چەند دەساڵەیە . لەناو هەموو ناوەندە کەلتووری و مەدەنییە ڕۆشنبیریەکاندا ، بزاڤی خوێندکاری پتر لە هەموویان تێکەڵی سیاسەت بووە. ئەم بزاڤە بەدرێژایی تەمەنی (چ دەورانی شا لە قاڵبی کونفێدراسیونی خوێندکاری لە دەرەوەی وڵات و چ سەدەمی دەسەڵاتی ئیسلامی لە چاوچێوەی تەیارە جۆربەجۆرەکانی خوێندکاریدا) جیا لە ئەرکە پیشەییەکانی خۆی دەوری پارتی سیاسیشی گێڕاوە. دایارە هاوکات بەردەوام لەژێر بارانی هێرش و پەلاماری دەسەڵاتدابووە و بۆ تێکۆشانی خۆی تاوانێکی زۆری داوە . کە نموونەکانی(تەبەرزەدی ، برایانی موحەمەدی ، باتبی و...) هێشتا لە زیندانەکانی دەسەڵاتی ئیسلامیدان .

ئەوەی تا ئێستا باسکرا لە پێوەند لەگەڵ ئێران و چالاکییە سەرانسەریەکانی خوێندکاراندا بوو . بەڵام مەبەستی ئێمە بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردیە . ئەم بزووتنەوە بەداخەوە بەهۆی جۆربەجۆر کە لەم باسە کورتە دا ناگونجێ ، تا ماوەیەک پێش گەر هەبوو بێ ، بەشێك بووە لە بزووتنەوەی سەرتاسەریی خوێندکاری و خاوەنی ناسنامەی سەربەخۆی خۆ نەبووە . دیارە لێرەدا مەبەست تەنیا ڕۆژهەڵاتی کوردستانە . گەر بمانەوێ باسی بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد بەگشتی بکەین ئەوە پێویستی بە نووسینی سەربەخۆیە .

وەک ئاماژە کرا خوێندکاری کورد تا ماوەیەک پێش خۆی، لە بزووتنەوەی خوێندکاریی سەرانسەریدا دەدیتەوە . بەڵام ئەوە ماوەیەکە ، هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی دەورێکی گەشاوەی جەماوەری بوونی هوشیاریی نەتەوەیی ، خوێندکاری کوردیش هاوکات خۆی دەناسێتەوە و ڕیزی سەربەخۆی خۆی ڕادەگەیەنێ . ئەم حەرەکەتە گەرچی ماوەیەکە دەستی پێکردووە . بەڵام هێشتا ساوایە و بەرە بەرە دەڕوات لە دەڵەمەیی دەرچی و قاڵب بگرێت.

ئەوەیە کە دەبینین پاش چەند و چەندین حەرەکەتی خوێندکاری ( لە زانکۆ جۆربەجۆرەکانی شارە کوردنشینەکاندا) ئەم حەرەکەتەی دوایی(6ی سەرماوەز لە

زانکۆی تاران) ڕێکوپێک تر و لە ئەنجام دا وێڕای هێنانە گۆڕی ژمارەیەک داخوازی کۆنکرێت، سەرکەوتووانەتر هاتە مەیدانەوە .
ئەم حەرەکەتە خوێندکاریە گەرچی لە لایەن تاکەکانی کورد و ڕاگەیەنەرە سەربەخۆکانەوە بە بایەخەوە هەڵسەنگێندرا و خرایە ژێر چەتری خەبەریەوە ، بە پێچەوانەوە لە لایەن هێزە سیاسییەکانەوە ئەو بایەخەی پێنەدرا . دیارە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕووانگەی ئەم هێزانە لەسەر بزاڤی مەدەنیی سەربەخۆ لە حیزبایەتی . هەرئێستە کە خەریکی نووسینی ئەم دێڕانەم ،چاوێکم بە ڕاگەیەنەرەکانی هەموو ئەو هێزانەی کە لەڕۆژهەلاتی کوردستان حیسابیان بۆ دەکرێ کرد. لە نێو هەموویاندا تەنیا حیزبی دیموکرات (ئەویش وەک خەبەر لە یەکێک لە سایتە فارسییەکان کوپیی کردووە ) ئاماژەی بەو حەرەکەتە گەورە مەدەنیە کردبوو .
ئەوە لە کاتێکدایە کە وەک پێشتر باسم کرد ،لەنەبوونی ئازادیی تێکۆشانی حیزبیدا ،بزووتنەوەی خوێندکاریی دەتوانێ جێگەی حیزبی سیاسی بگرێتەوە و تا ڕادەیەک ( بە کەڵک وەرگرتن لە ئیمکان و زەرفییەتەکانی) ئەرکی ئیعترازی و ڕۆشنگەری و ڕێنوێنیکردن وەئەستۆ بگرێت. شتێک کە لە هەلومەرجی دوور بوونی حیزبە سیاسییەکاندا، دەتوانێ دەوری باشی لەسەر وەگەڕ خستنی بزووتنەوەی گشتیی کۆمەلانی خەڵک هەبێ. بەڵام بەداخەوە وادیارە هێزە سیاسییەکانی ئێمە هێشتا گەر بیانەوێ ئاوڕێک لە بزووتنەوەی خوێندکاری بدەنەوە ، دەبێ ئەو بزووتنەوە لقێک لە پارتەکەی خۆیان بێ . واتا ئاوڕ لە هیچ ناوەند و حەرەکەتێکی سەربەخۆ نادەنەوە .
گەرچی بەداخەوە ئەم بیرکردنەوە کۆن و ناکارامەیە ، بەڵام وا دیارە هیزەسیاسیەکان دەرس لە رابردوو و ئەزموونی ڕووخێنەری وەر ناگرن. کە بە حیزبی کردنی بزاڤە مەدەنی و پیشەییەکان ،چۆن ئەم ناوەند و بزووتنەوانە تووشی لەت لەت و شەق بوون هاتن و هەم کارامەییان بۆ خۆیان و بزووتنەوەی جەماوەری نەما و هەم خێرێکیشیان بۆ هیچ حیزبێک نەدایەوە . ئەوەنییە هەر ئێستا ناکارامەیی ئەم حیزبی کردنەی ناوەندە مەدەنییەکان لە باشووری کوردستاندا تاقی دەکەینەوە! مەگەر ئەوەنییە پارتی و یەکێتی هەرکامەیان ناوەندێکی خوێندکاریی سەربەخۆی پێک هێناوە و بەم شێوە بزووتنەوەی خوێندکاریان لە خشتە بردووە . تا ئەوجێگەیە کە ئیجازەی سەرهەڵدانی هیچ ناوەندێکی سەربەخۆ ( لە حیزب و دەسەلات) نادەن. پارتی و یەکێتی بەم کارەیان گەورەترین و کاریگەرترین ناوەندی چاودێر و رەخنەگری دەسەڵاتیان لەنێو بردووە .
بگەرێمەوە سەر باسەکە . گرێنگترین لایەنی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی خوێندکارانی کورد لەتاران، یەکەم مەبەستی حەرەکەتەکەیان بوو کەبە ناوی کوردستانەوە دەسپێدەکات و بە قوربانیی دەسەڵاتی زوڵم ناوی دەبەن . دووەم ،خوێندکاران لە ڕاگەیەندراوەکەیاندا باسی مافە ئینسانییەکانی گەلی کورد دەکەن . کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بە سەرەتاییترینی دەزانن. خاڵێکی گرینگی دیکە داخوازی خوێندکارانی کورد ،بانگەواز بۆ پێک هێنانی ناوندەکانی سەربەخۆی خوێندکاریە .
بێگومان ئەزموونی چەن دەساڵەی بزووتنەوەی خوێندکاریی چ لە ئاستی خۆجێی و چ لە ئاستی دەرەوە ، خوێندکارانی کوردی بەوە گەیاندووە کە تەنیا ناوەندێکی سەربەخۆ لە دەسەلات و حیزبی سیاسی دەتوانێ یەکگرتوویی و کارامەیی خوێندکاران ( بە سەلێقە و بۆچوونی جیاوازەوە) بپارێزێ و یەکگرتووانە بۆ داکۆکی کردن لە دادپەروەری و مافە پێشێل کراوەکانی گەلەکەیان بەرو پێشیان ببات .

دیاره ئەم حەرەکەتە ئاخرین چالاکیی خوێندکارانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان نابێ و لە چەند رۆژی ئایەندەدا (29ی سەرماوەز) ئێمە شاهێدی یەکەمین کونگرەی خوێندکاریی کورد دەبین. گەرچی ئەگەری ئەوەش هەیە ئەم یەکەمین کونگرەیە ئەو بەرهەمە چاوەروانکراوەی ئێمە دەستەبەر نەکات . بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێستا کە بزاڤی خوێندکاریی لە رژهەڵات وەرێ کەوتووە و ریزبەستی سەربەخۆی خۆی گرتووەتەپێش ، زۆر ناخایەنێ کە وەک ناوەندێکی گرینگی جێ باوەڕ و کاریگەر لەسەر رووداوەکان دەوری ئیجابی خۆی دەگێڕێ .

سەرکەوتووبێ بزووتنەوەی سەربەخۆی خوێندکارانی کورد لە هەموو کوردستان

سەرماوەزی 2705